# کیژی سەرۆک پەناهەندەیە!

شێرزاد هەینی ـ هەولێر




ئەلینا فیر ناندیز ریفویلتا

کاسترۆی سەرۆکی نیوەمردووی وڵاتی بن دیواری پۆلارێژو پانوپۆری ئەمریکا، دوورگەی نازداری بێنازو ئارام بە دەریاو بە ئاوو بە میللەت، بەڵام ماندوو بە سامان و ئاوەدانی و نوێکاری و تەکنەلۆژیا، ئەگەر ئەو سەرۆکەو ئەو سستەمە نەبێت، ئەوا هەزارەها گەشتخۆرو هەوستزۆرو چەرووتخۆرو سەرمابردووی وڵاتانی ئەوروپی رووی تێدەکەن، ئەگەر بۆ ئەوانیش دووربێت، کە دووری بۆ گەشتیارانی ئەوروپی کێشە نییە، وا هەزارەها کەسیان بە ئاسمانەوەن بۆ کەنارەکانی تایلاندو هایتی و دوورگە دوورەکانی تر، هەر بە پارەی گەشتیارە ئەمریکییەکان دەبووژێنەوە، لەو ئوتومبێلە کۆنانە سالانی پەنجاکان رزگاریان دەبێت، رەنگە بەو گۆرانەش، ئەگەر قەوما، ئەو ریفۆرمە ئەگەر کرا، بەو راپەرینەی ئەگەر سەریهەڵدا، کیژی سەرۆکیش بگەرێتەوە وڵات، چونکە وڵات عەزیزەو کەس ناتوانێت دەستبەرداری زێدی خۆی بێت. بەڵام ئەو سەرۆکە وا لە دەستەڵات ماوەتەوە، خۆی راگرتووە، ئەگەرچی تا ئیمرۆ 600 جار کۆششی کوشتنی دراوە. هیچی بەرنەکەوتووە، ئەوە پیاوە سەربازیەی وا بۆ پەنجا ساڵی خشت، ئەو وڵاتە بە دەستکورتی و بە نەداری بەرێوەدەبات، زۆریش لە هاووڵاتیانی کوبی لەدەست جەورەکەی بە کۆمەڵ را دەکەن، بۆ ئەمریکا فیرار دەکەن، یەکێک لەوانەی رایکردووە، ( ئەلینا فیر ناندیز ریفویلتا ) ی کیژیەتی، ئەو شۆخە بەناچاری و پاسپۆرتێکی ساختەی ئەسپانی لە وڵات دەربازی بووە، لەبەر ئەوەی میللەتی کوبی زمانی ئەسپانی دەپەیڤن، بۆیە ئاسان بووە لە ساڵی 1993وەک گەشتیارێکی ئەسپانی لە کۆنترۆل و لە سنووری وڵات دەربازی بێت، راکردنی ئەوو خۆناساندنی وەک کیژی کاسترۆ بواری ئاسانکردووە لە ئەمریکا کاری دەست بکەوێت، تۆری هەواڵداری سی ئێن ئێن وەک بەشدارێک وەریانگرتووە.

لەو دواییانەدا زانیم، کەوا دەستەڵاتدارانی ئیشتراکی ئەلمانیای دیموکراسی منداڵەکانیان ڕەوانە ئەو دیوی ئەلمانیاکردووە، باش دەیانزانی پرۆگرامەکانی ئەوان لە بەرنامەو خوێندنەکانی خۆیان سەرکەوتووترە، بۆیەش فیلە کاسترۆش ئەلینای کیژی بۆ خوێندن ناردووتە پاریس، هاوشانی دایکی لەوێ بووە، لەبەر ئەوەی نەزۆک بووە، لەبەر ئەوەی نەزۆک بووە، چوار جاریش شووی کردووە، بەڵام هەر نەبوویتە دایک، بۆیە پاش ئەوەی گەیشتووتە میامی لە ئەمریکا کیژێکی بەناو خۆی کردووە، وەک دایک ئارام ژیاوە، باسی باوک و ژیانی تایبەتی خۆی و خوشک و برا زۆرەکانی، دایک و باوەژنەکانی لە کتێبێک بەناوی ( بیرەوەری کیژی کاسترۆ ) بڵاوکردیتەوە. لەو کتێبەدا نووسیویەتی، باوکمان ژنی زۆری هەبووە، ئەو ژنانە منداڵی زۆریان بووە، بۆیە ئەو زۆر باش خوشک و براکانی نەدەناسی، لە بیرەوەرییەکاندا لەبەر ژمارەی زۆریان، ناوی زۆر لە خوشک و براکانی پەراندووە.